ڕزگاری لە ژێر سایەی پیرۆزیدا.. ستار ئەحمەد

ئەمە کە دەبینین تاکی کورد لە ناو بازنەیەکی تەمومژاویدا گیریان خواردووە، کە تێیدا ئایین وەک چەکێک دژی نەتەوە بەکاردێت، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ڕەنگ و ڕیشەی ئەم کێشەیە و بۆ چاوەکی کراوە سەیری ئەو بڕینە بکەین ،کە دەی نیشتمانپەروەرانی شەق کردووە. مەژوو پەمان دەڵێت .. گەورەترین مەترسی بۆ سەر هەر نەتەوەیەک، تەنیا چەکی دوژمن نییە، بەڵکو تەکچووونی هەشیاریی ئەو نەتەوەیە بەرانبەر بە پیرۆزیەکانی خۆی. کاتێک ئایین، کە دەبێت سەرچاوەی ئازادی و دادپەروەری بێت، دەکرێتە ئامرازێک بۆ ئەوەی کورد تەسلیمی داگیرکەر بێت، لێرەدا گەورەترین خیانەت بەرانبەر بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت.

داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو سەردەمەکاندا تێگەیشتوون، کە ناتوانن تەنیا بە هێزی سەربازی کورد لەناو ببەن، بۆیە پەنایان بردوەتە بەر داگیرکاریی مەشک. ئەوان ئایینیان کردوەتە بەرگێک بۆ شاردنەوەی ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆیان. بۆ ناوی بڕایەتی و یەکێتی، زمانی کوردییان بۆی، خاکیان سووتاند و ناسنامەی گەنجی کوردیان شەواند. گەورەترین ئازار ئەوەیە کە دەبینین گەنجێکی کورد، لە ژێر کاریگەریی ئەو بیرە هاوردانەدا، وای لەدێت، کە نیشتمانپەروەری وەک تاوان ببینێت. ئەمە ئەو لوتکەی داماناییە، کە داگیرکەر مەبەستیەتی؛ واتە دروستکردنی کۆیلەیەکی وا کە بە جۆستە کورد بێت، بەڵام بە مەشک و ڕمح لە خزمەت ئەجێندای دوژمنانەدا بێت.

بەڵام ئەگەر سەیری مەژووی ڕاستەقینەی خەمان بکەین، دەبینین پێشەنگە گەورەکانی کورد، هەرگیز ئایینیان لە نەتەوە جیانەکردوەتەوە. ئەوان تێگەیشتبوون کە بە نیشتمان، ئیمانیش بە پێنا دەبێت. شێخ سەعیدی پیران کاتێک بەرەو سەدارە دەچوو، نەیگوت من تەنیا بە مەزهەبیان بە ئایین دەمرم، بەڵکو سەلماندی کە تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوە، گەورەترین جیهادە. ئەو دەیگوت کە زوەمی داگیرکەر لەگەڵ هیچ باوەڕێکی ڕاستەقینەدا ناگونجێت. هەروەها ، چەندین زانای ئایینی بەناوبانگی کورد، لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستان و چەسپاندنی مافی نەتەوەیی گیانیان بەخت کرد، ئەوان پەمان دەڵێن، کە مرۆڤی بەوادار ئەو کەسەیە کە پێش هەموو شتێک ڕەگەری لە ستەمکار بکات و نەتەوەکەی لە ژێر چەپۆکی بێگانە ڕزگار بکات.

زمانی کوردی، کە ناسنامەی بوونی ئەمەیە، لە ناو ئەم ململانێیەدا وەک سەنگەری کۆتایی دەردەکەوێت. کاتێک داگیرکەر دەیەوێت بە ناوی پیرۆزییەوە زمانت لە زەوت بکات، ئەو تەنیا وشکانت لێ ناستێنێت، بەڵکو پەیوەندیت لەگەڵ ئاسمان و داهاتووت دەپچڕێنێت. زمان تەنیا ئامرازی ئاخاوتن نییە، بەڵکو ئەو شکڵەتە، بیری نەتەوەیی تێدا دەپارێزرێت. بۆگانە دەیەوێت بەو زمانە خواپەرستی بکەیت کە خەڵکی پێی دەدوێت، تا لە کۆتاییدا وەک ئەو بیر بکەیتەوە و وەک ئەو بژیت. بەڵام گەورەترین خزمەت کە تاکی کورد بە ئایینەکەی بکات، ئەوەیە کە بە زمانی دایکی خۆی ستایشی ئازادی بکات و واتا ئاستەقینەکانی دادپەروەری لە ناو کولتووری خۆیدا بژێنێتەوە.

ئەڵقە ئەرکی ڕۆژنامەنووسان، نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردە، کە ئەم ڕاستییە ڕوون بکەنەوە: ئایینێک کە فەرت بکات زمانت بسڕێتەوە، ئایین نییە، بەڵکو سیاسەتی داگیرکەریە. ئایینێک کە بەڵێت خاکی کوردستان پیرۆز نییە بەڵام خاکی داگیرکەر پیرۆزە، ئەو تەنیا دەمامکێکە بۆ ئاوکردنی ویستی تۆ. ئەمە پێویستمان بە شەشکی هزری هەیە؛ شەشکێک کە تێیدا تاکی کورد بزانێت کە پاراستنی نیشتمان و زمان، گەورەترین ئەرکی سەرشانیەتی. نابێت ڕۆگە بدەین چیتر پیرۆزییەکانمان بکرێنە پردێک بۆ تێپەڕبوونی تانک و بیرورای دوژمن.

کورد کاتێک دەگاتە شکۆ، کە بزانێت خودا ئەو نەتەوەیەی بە ئازادی خوڵقاندووە و هیچ هێزێک بۆی نییە بە ناوی ئایینەوە ئەو ئازادییەی لە زەوت بکات. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئایینە کوردانەیەی کە تێیدا کورداێتی و دینداری وەک دوو دەو لە یەک جێستەدا لێیان دەدا. تەنیا ئەو کاتە دەڵێی نەتەوە ئارام دەبێتەوە و بڕینەکان ساڕێژ دەبن. با هەموو لایەک بزانن، کوردێک ، نیشتمانی خۆی خۆش نەوێت و خزمەتی نەتەوەکەی نەکات، نە دەتوانێت خزمەت بە ئایین بکات و نە دەتوانێت ببێتە مرۆڤێکی سەرفراز لە مێژوودا. ئەمە لەڕ دەمێنینەوە، بە زمانێکی کوردی، بە ناسنامەیەکی کوردی و بە باوەڕێکی پتەو کە نیشتمان لە سەرووی هەموو بڕژوەندییەکی بۆگانەوە دادەنێت.

کرامەتی نەتەوە لەوەدایە کە ڕۆگە نەدات پیرۆزیەکانی ببنە کڕێستەی دەستی ئەو کەسانەی کە تەنیا مەبەستیان کۆیلایەتییە. ئەمە وەک گەڵی کورد، خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژین کە تێیدا باوەڕ و ئازادی هەمیشە پێکەوە بوون. هەر کاتێک ئەم دووانە لە یەک جیا کرانەوە، کورد بووەتە نێچیرێکی ئاسان. بۆیە پاراستنی زمانی کوردی و خاکی کوردستان، نەک تەنیا ئەرکێکی نەتەوەیی، بەڵکو پارێزگاریی لەو جوانییەی کە خودا لە نەو ئەم میللەتەدا

چاندوویەتی. هەر هەنگاوێک بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی، هەنگاوێکە بەرەو جێبەجێکردنی پەیامی ئاستێقینەی خوداو مرۆڤایەتی.
با چیتر ڕێگە نەدەین پیرەزیەکانمان بکرێنە داردەستی ئەوانەی کە لە ناوەوە هەوڵی ووخاندنی قەڵای نەتەوەکەمان دەدەن. کاتی ئەوە هاتووە کە کورد بە دەنگێکی بەرز بڵێت: ئایینی من ڕێگای ئازادییە، نەک کێت و زنجیری کۆیلایەتی. ئەو کەسەی لە ژێر ناوی خودادا خزمەتی داگیرکەر دەکات، بەگومان نە خودا دەناسێت و نە مرۆڤیی پێدا دەتەوێ. ئەمە خاوەنی خاکێکین کە بە خوێنی شەهیدان ئاودراوە، و خاوەنی زمانێکین کە مرۆڤووی چەند هەزار ساڵەی ئەمەی تێدا پارێزراوە؛ کەواتە با ئەم سامانە مەعنەویە بکەینە بناغەیەک بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش کە تێیدا کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادە لە ڕێزی گەلانی جیهاندا بوەستێت.
ئەمە دوا بانگەوازە بە هەموو ئەو دەانەی کە بە نیشتمان لەدەدەن: وریای ئەو دەنگە بیگانانە بن ،کە دەیانەوێت لە ناو ماڵی خۆتاندا نامۆتان بکەن. کوردستان تەنیا خاک نییە، بەڵکو شکۆ و ناسنامە و داهاتووی ئەمەیە. پاراستنی ئەم خاکە، گەورەترین عیبادەت و بەرزترین پلەی مرۆڤایەتییە. با هەموومان پێکەوە، بە یەک دەنگ و بە یەک بەواوە، بەرەو ئاسەی ڕزگاری هەنگاو بنێین و چیتر ڕێگە نەدەین کەس بە ناوی ئاسمانەوە، زەویمان لە داگیر بکات.

ستار ئەحمەد